
# هاووڵاتیانی قەڵادزێ.. داوای پڕۆژەکانی ئاو و ئاوەڕۆ




## کێشەی خانووە بێ تاپۆکان چارەسەر نەکراوە







## کارەبا دەکەن





- کێشەوگرفتی کەرتی تەندروستی هەیە بەتایبەتی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ
- ئەو زبڵ و خاشاکەی کە لەناوچەی سەرمیل دەسووتێنرێت و زیانی ژینگەیی و تەندروستی زۆر بەجێ دەهێڵێت.

قەڵادزێ کە بە قەزای پشدەر ناسراوە لەساڵی ١٩٣٧ بووەتە قەزاو ناحیەکانی ( ناودەشـــت و ژاراوەو هێرۆو هەڵشۆو ئیســـێوە )و ١٩٦ گوند لەخۆدەگرێت، ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە ١٢٠ هەزار کەسە کە زیاتر لە ٧٥ هەزار کەس لە سەنتەری قەزاکە نیشتەجێیە، گەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدوای ســـاڵی ١٩٩١ەوە دەســـتی بەپرۆژەی ئاوەدانکردنەوە کردووە، بەڵام ئەو پڕۆژەو کارانە لەئاســـت وێرانی قەزاکە و خواســـتی هاووڵاتیاندا نییە، لەم راپۆرتەدا هاووڵاتیانی قـــەڵادزێ رەخنەو گلەییان لە کەمیی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان هەیە، گۆڤاری گوڵان ســـەردانی قەزای پشـــدەری کردو چەند هاووڵاتیەکی دواند، کە بەشـــێوەیەکی گشـــتی گلەییان لەکەمی ئاوی خواردنەوەو پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانی شـــارەوانی کرد، دواتر رەخنەو گلەییەکانی هاووڵاتیانمان ئاراستەی ( حەســـەن عەبدوڵڵا) قایمقامی قەزای پشدەر کرد، لەم راپۆرتەدا پوختەی قسەکانی هاووڵاتیان و وەڵامەکانی بەرپرسی یەکەی ئیداری قەزاکە دەخەینەڕوو.



**قایمقامی پشدەر بۆ (گوڵان):**

# ٧٢ شوقەی نیشتەجێبوون و پارکێکی گەورە دروست دەکرێن

## لەوەرزی زستانی ئەمساڵدا کێشەی کارەبامان دەبێت

## شارەوانی کرێکاری کەمەو کێشەی زبڵ و خاشاك هەیە







### داواکاری هاووڵاتیان

سەبارەت بە کەمی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و کێشەی ئاویخواردنەوە هاووڵاتی رەسول حاجی محەمەد پێی وابوو شەقامی سەرەکی ناو قەزاکە پێویستی بەدوو سایدکردن و فراوانکردن هەیە کە ئێستا ئەو شەقامە لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان و قەرەباڵغی قەزاکەیان ناگونجێت، هەروەها ئەم هاووڵاتیە داوای جوانکردن و رێکخستنی ناو بازارەکەی کرد، هەر سەبارەت بەخراپی شەقام و رێگاوبانەکان هاووڵاتی حەمید قادر لەگەڕەکی کانی زین وتی:(کۆڵان و شەقامەکانی گەڕەکەکەمان زۆر نارێك و تێکچووە و پێویستی بەدووبارە رێکخستنەوەو چاککردنەوە هەیە )، ئەمەو سەبارەت بەکەمی پرۆژەی خزمەتگوزاریش ئەم هاووڵاتیە وتی : (قەڵادزێ پێویستی بەئاوەرۆیەکی گەورە هەیە بەتایبەتی بۆ ئەو چەمەی بەشارۆچکەکەدا تێپەڕ دەبێت، چونکە بۆن و پیسی چەمەکە هاووڵاتیانی نیشتەجێی دەوروبەری بێزار کردووەو زیانی بۆ باری تەندروستیان هەیە). لەلایەکی دیکەوە نەبوونی پرۆژەکانی ئاوی خواردنەوەو گرفتی کەمی ئاوی خواردنەوە بە یەکێك لەو داواکارییانەی هاووڵاتیان دادەنرێت کە بە وتەی هاووڵاتیان چەندین ساڵە بەدەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن و بێزارییەکی زۆری بۆ دروست کردوون، لەمبارەیەوە لەگەڕەکی شەهیدان هاووڵاتی دیار عەلی وتی: (نکوڵی لەوە ناکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین پرۆژەی لەم دەڤەرە جێبەجێکردووە، بەڵام لەلایەنی ئاوی خواردنەوەوەدا گلەیی و رەخنەمان هەیە، ئەوەتا ماوەی چەند ساڵێکە بەتانکەر ئاوی خواردنەوەمان بەسەردا دابەش دەکەن، لەکاتێکدا پرۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لەژێر ئەنجامدانە بەڵام ماوەی تەواوبوونی پرۆژەکە دواکەوتووە)، هەر لەمبارەیەوە لە گەڕەکی ئاشتی دوو ئافرەت بەناوی زوڵێخاو کەژاڵ داوایان لە حکومەتی هەرێم کرد باچیتر لەرێگای تانکەرەوە ئاوی خواردنەوەیان بەسەردا دابەش نەکرێت و چارەسەری جیدی و گونجاوی ئەو گرفتە بکرێت. هاووڵاتی حەسەن عوسمانیش لەگەڕەکی شەهیدان سەرەرای باسکردنی کێشەکانی خراپی رێگاوبان و نەبوونی ئاوەرۆو نزمی ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری شارەوانی تەئکیدی لەسەر هەمان گرفتی ئاوی خواردنەوە کردەوەو داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، هەڵمەتێکی راکێشان و دابەشکردنی تۆڕی نوێی ئاوی خواردنەوە لەقەزاکەیان ئەنجام بدەن. هەر سەبارەت بەداواکاری هاووڵاتیان عەبدوڵا ئەحمەد لەگەڕەکی راپەڕین باسی لەگرفتی کەرتی تەندروستی کردو لە درێژەی قسەکانی دا باسی لە نەخۆشخانەی شارەکەیان کرد بەوەی لەئاست پێویست نییەو کاتی ئەوە هاتووە پێشبخرێت و نەشتەرگەری تێدا ئەنجام بدرێت. لەلایەکی دیکەوە گلەیی و رەخنە لەو سیستەمە کۆنەی فڕێدانی زبڵ و خاشاك هەیە، لەمبارەیەوە هاووڵاتی هادی حوسێن داوای زیادکردنی کرێکارەکانی شارەوانی و چارەسەرکردنی زانستیانەی ئەو زبڵ و خاشاکەی کرد کە لە ناوچەی سەرمیل دەسوتێنرێت و زیانی ژینگەیی و تەندروستی زۆر بەجێ دەهێڵێت. بوونی کێشەی تاپۆکردنی خانووەکان بەهەمانشێوەی زۆربەی قەزاو ناحیەکان لە قەڵادزێش هەیە، هاووڵاتیەك بەناوی مەحموود عوسمان تیشکی خستە سەر ئەم کێشەیەو داوای لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ئەم کێشەیە چارەسەر بکات چونکە داواکارییەکی سەرەکی ئەو هاووڵاتیانەیە کە خانووەکانیان تاپۆی نییە.

### فراوانکردنی قەڵادزێ و قەرەبووکردنەوەی جوتیار و خاوەن دوکانەکان

لە وەڵامدانەوەی رەخنەو داواکاریەکانی هاووڵاتیان و ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی پێویستە حەسەن عەبدوڵڵا قایمقامی پشدەر بە گۆڤاری گوڵانی راگەیاند:( لەساڵی ٢٠١٠ ەوە کار لەماستەرپلانی شارۆچکەکە کراوە و لەمانگی دووی ئەمساڵدا تەواو بووە، بەڵام هەندێك کێشەو گرفتی تێدا بەدی دەکرێت، ئەم گرفتانەش کاتێك دروست بوو کە چەند گوندو موڵکێك کەوتە ناو ماستەرپلانەکەوە و پێویستی بەقەرەبووکردنەوە هەیە ئەمە جگە لەوەی هەندێك لەو زەوییانە کە بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ دەبێت بەدەست جوتیارەکانەوەیەو تاپۆی نییە، هەربۆیە پێویستە بەجۆرێك لەجۆرەکان چارەسەری ئەم کێشەیە بکەین، لەکاتێکدا بەپێی یاسا هەر زەوییەك تاپۆی نەبێت قەرەبوو ناکرێتەوە، ئێستا لەچاوەڕوانی بڕیارێکداین کە خەڵکی خۆمان بێبەش نەبێت لەو قەرەبوویە. لەلایەکی دیکەشەوە پرۆژەی بەدووسایدکردنی شەقامی ناو سەنتەری شارۆچکەکەش کە بەهۆی دواکەوتنی بودجەو زۆری پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی دواکەوتووە ئێستا بودجەی زیاتر لە ٦ ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو بەمنزیکانە دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت و دوکان و بازاڕو شوێنەکانیش کە دەکەونە بەر ئەم فراوانکردنە قەرەبوو دەکرێنەوە). ئەمەو سەبارەت بەدواکەوتنی پرۆژەی ئەو رێگا دووسایدە سەرەکییەی کە بۆ شارۆچکەی قەڵادزێ دێت قایمقامی قەزای پشدەر وتی: زۆری پرۆژەکانی پارێزگای سلێمانی کە کۆمپانیاکان لەتوانایاندا نەبوو ئەو هەموو پرۆژەیە ئەنجام بدەن لەگەڵ کەمی ئەو بودجەیەی بۆ ئەم پرۆژەیە تەرخانکرابوو هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی جێبەجێکردنی پرۆژەی رێگای دووسایدی سەرەکی قەڵادزێ بوو.

### پرۆژەی ئاوی خواردنەوە

سەبارەت بە کێشەو گرفتی ئاوی خواردنەوەو دواکەوتنی ئەو پرۆژەیەی کە چەند ساڵە لەژێر ئەنجامدانە قایمقامی قەزای پشدەر وتی: ئاوی خواردنەوە یەکێکە لەو گرفتانەی کە چەند ساڵە لە ناو قەڵادزێ هەیە و بەتانکەر ئاو بەسەر چەندین گەڕەك دابەش دەکەین، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پرۆژەیەکی گەورەو ستراتیژی ئاوی خواردنەوە ماوەی چەند ساڵە لەژێر ئەنجامدانەو زۆریش دواکەوتووە، هۆکاری دواکەوتنی ئەو پرۆژەیەش زیاتر بۆ بواری دیزاین و دەرخستەکەی دەگەڕێتەوە، چونکە ئەو کاتەی کە لەساڵی ٢٠٠٤ ئەو پرۆژەیە دیزاینی بۆ کرا و بڕی ١١ملیار دیناری بۆ تەرخانکرا ئەوە ژمارەی دانیشتوانی ناو شارۆچکەکە نزیکەی ٣٠هەزار کەس دەبوو، بەڵام









ئێستا ژمارەی دانیشتوانەکەی قەڵادزێ زیاتر لە ٧٥هەزار کەسە، هەر بۆیە بۆ ئەو پرۆژەیە دیزاینێکی تر دروستکراو بڕی بودجەکەشی کرا بە ١٧ملیار دینار، لەپاشان تیمێکی تر لە ئەنجومەنی وەزیران هات سەیری پرۆژەکەیان کرد و دیتیان ئەو پرۆژەیە زۆر بەرفرەوانەوە و بۆماوەی (٢٥ تا ٤٠ ) ساڵ دەتوانێت کێشەی ئاو بۆ شارۆچکەکە چارەسەر بکات و چۆن دەبێت هەندێ ستانداردی جیهانی هەیە لەو پرۆژە ستراتیژیە نەبێت، هەر بۆیە بۆ جارێکی تر دیزاینێکی تریان بەپێی ئەو مواسەفاتە ستانداردەی لە دنیادا هەیە بۆ ئەنجامدا و تێچووی ئەو جۆرە پرۆژانە پێویستی بە (٤٤) ملیار دینارەو لەم بڕە پارەیەش زیاتر لە (٤١) ملیاری بۆ تەرخانکرابوو، لەپاشان لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە لیژنەیەك دروستکراو سەردانی پرۆژەکەیان کردو بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونەی ئەنجامیاندا ئەوە دوو ملیارو ٦٠٠ملیۆن دیناری تریشی بۆ تەرخانکرا، ئێستاکە ئەم پرۆژەیە هیچ کێشەیەکی دارایی و یاسایی نەماوە و چەند قۆناغێکی باشی بڕیوە. بەڵام لەرووی کشتوکاڵەوە ناوچەکە بەتەواوەتی فەرامۆش کراوە ئەوەتا وەزارەتی کشتوکاڵ جگە لەچەند جۆگەلەیەکی ئاودێریی بچووك، هیچ پرۆژەو کارێکی لەم سنوورە جێبەجێ نەکردووە، هاوکات دەستەی گەشتوگوزاریش تاکە یەك پرۆژەی لە قەزاو ناوچەکە ئەنجام نەداوە.

**زستان گرفتی کارەبامان بۆ دروست دەبێت**

سەبارەت بە گرفتی کارەبا و چۆنییەتی چارەسەرکردنی ئەو بوارە گرنگە قایمقامی قەزای پشدەر وتی: گرفتی کارەبامان هەیەو ویستگەیەکمان هەیە باری زۆر قورسە و ڤۆڵتیەشی زۆر نزمە، لە وەرزی زستان نەك ناتوانرێت کارەبای پێویست بۆ قەزاکە دابین بکات، بەڵکو کارەبای نیشتمانیمان نابێت، بڕیارە لەماوەی داهاتوو بەفەرمی سەردانی بەڕێز سەرۆکی حکومەت و وەزیری کارەبا بکەین بۆ ئەوەی لەنزیکەوە پێیان ڕابگەیەنین کە کێشەی کارەبای نیشتمانیمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیەو گرفتەش پێویستمان بە وێستگەیەکی کارەبا یا وێستگەیەکی مۆبایلە، هەرچەندە ئێستاکە وێستگەیەکی ١٣٢کەی ڤی کاری تێدا دەکەن.



**کەرتی تەندروستی و نەبوونی پزیشکی پسپۆڕ**

سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکانی کەرتی تەندروستی قایمقامی قەزای پشدەر وتی: لەناو سەنتەری قەزادا نەخۆشخانەیەکی ١٠٠ قەرەوێڵەیی هاوچەرخمان بۆ دروستکراوە و بڕیارە ئەمساڵ بەبڕی ١١ ملیۆن دۆلار ئامێرو کەلوپەل و پێداویستی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکە بکڕێت و ئەم کارەش لە قۆناغی ڕێگەیاندنە، بەڵام ئێمە وەکو هەموو شوێنە دوور و سنوورییەکان کێشەی نەبوونی پزیشکی پسپۆڕمان هەیە .

**کێشەی ئاوەڕۆو چارەسەرکردنی زبڵ و خاشاك**

سەبارەت بەخزمەتگوزارییەکانی شارەوانی قایمقامی پشدەر وتی: ( لەساڵی ٢٠١٢دا زۆربەی شەقام و کۆڵانەکان شۆستەیان بۆ دروست دەکرێت و کارو پرۆژەی قیرتاویشیان بۆ ئەنجام دەدەین، بەڵام لەرووی زبڵ و خاشاك و چارەسەرکردنی کێشەو گرفتمان یەکجار زۆرە، چونکە شارۆچکەکە بەرفراوانبووە و ژمارەی کرێکاری شارەوانیمان کەمە و ئەوەی هەشمانە زۆربەیان گرێبەستن، هاوکات لەلایەن هاوڵاتیانەوە هۆشیاریی پاراستنی ژینگەمان کەمە . هەروەها کێشەی ئاوەڕۆمان هەیە.

**٥ باخچەی ساوایان دروست دەکرێت**

سەبارەت بەکەرتی پەروەردە قایمقامی قەزای پشدەر وتی: سێ قوتابخانەی زۆر بەرفرەوان و مۆدێرن کە یەکێکیان ٢٧ پۆلییە و دووانیان ١٨ پۆلیین لەناو سەنتەری قەزادا لەژێر ئەنجامداندانە و (٥) قوتابخانەشمان بۆ خراوەتە بەرنامەوە، لە هەموو گوندەکانیش بینایەی قوتابخانەمان هەیە تەنیا لەو گوندانە نەبێت کە ژمارەی قوتابییەکانیان ناگاتە ١٠ قوتابی کە بەسیستەمی کابینە قوتابخانەیان بۆ کراوەتەوە، هەروەها کێشەی باخچەی ساوایان هەبوو، ئەمساڵ لە لایەن حکومەت و وەزارەتی پەروەردەوە ٥ باخچەی ساوایان لەناو سەنتەری قەزای پشدەر دروست دەکرێت.

**خانووەکانی وەبەرهێنان**
**بۆ خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت سوودیان نییە**

سەبارەت بەو ٣٠٠خانووەی کە لە قەزای پشدەر لەچوارچێوەی پرۆژەکانی وەبەرهێناندا دروست دەکرێن، قایمقامی قەڵادزێ نرخی ئەو یەکەی نیشتەجێبوونانەی بە زۆر زانی کە نرخی هەر خانوویەك ٦٠ هەزار دۆلارە و ئەم نرخەش بۆ خەڵکی ئەو سنوورە زۆر گرانەو لەکاتێکدا خەڵك بیەوێت بۆ خۆی خانوو دروست بکات زۆر لەم نرخەی کەمتری تێدەچێت. لەلایەکی تر بڕیارە حکومەتی هەرێم خۆی ١٧ باڵەخانە کە خۆی لە ٧٢ شوقەی نیشتەجێبوون دەبینێتەوە بۆ خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت لەسەنتەری قەزاکە دروست بکات.

**فەرمانگە هەیە لەقەڵادزێ**
**بودجەی لەقایمقامیەت زیاترە**

سەبارەت بەدابەزاندنی دەسەڵاتی کارگێری و دارایی و نەبوونی یەکەی ژمێریاری لەناو ئیدارەی قەزاکەدا

## زۆربەی ئاوەڕۆکان دەڕژێنە ناو چەم و رووبارەکانەوە

قایمقامی قەزای پشدەر وتی: لەکابینەی شەشەم هەندێك لە دەسەڵاتە کارگێرییەکانمان بۆ هاتەخوارەوە، بەڵام لەبەر نەبوونی دەسەڵاتی دارایی و بودجە، نەمانتوانی هیچ کارو دەسەڵاتێك پیادە بکەین، هەروەها ئێستاکەش کەمترین دەسەڵات لەبەردەستی قایمقامەکان دایە، ئەمە لەکاتێکدا فەرمانگە هەیە لەناو قەزاکەماندا دەتوانێت بەبڕی ٨٠ ملیۆن دینار پرۆژە جێبەجێ بکات و فەرمانگە هەیە بودجەو خەرجی بەردەستی زۆر لە ئێمە زیاترە، بۆ دابەزاندنی دەسەڵاتی ئیداریی و دارایی بە پێویستی دەزانم یەکەی ژمێریاری لە ناو قایمقامیەت دابمەزرێنن.

لەکۆتاییدا قایمقامی پشدەر وتی: لە ساڵانی ڕابردوودا کەموکوڕیمان لە پانتایی سەوز زۆر هەبوو، هەر بۆیە لەچەند شوێن و گەڕەکێك باخچە و پانتایی سەوز دروست دەکەین و هەڵمەتی دارچاندنیش بەپێی بەرنامە ئەنجامدراوە، هەروەها ئێستاکە پارکێکی مۆدێرنی بەرفرەوان لەسەر رووبەری ٨٥ دۆنم زەوی لەدەروازەی شارۆچکەکە لەژێر ئەنجامدانە، لەلایەکی دیکەوە هەر بۆ سەنتەری قەزا پارکێکی دی، لەسەر رووبەری ٦٠ دۆنم زەوی لەسەر بودجەی ٢٠١٢ لە بەرنامەدایە کە دروست بکرێت.